**بێ هەڵوێستی لە بێ بەشکردنی لیستی هیوا لەهەڵبژاردن ، پێوەرێکە بۆ ناسینی لیستی سیاسی و کەسایەتیە ڕۆشنبیریەکان ....قادر نادر**

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کاتی هەڵبژاردن نزیک دەبێتەوە ، لە گەڵی دا ، هەندێ روداو هاتۆتە ئاراوە ، جێگای هەڵویست و سەرنجە ،وەک چەند شانەیەکی نهێنی یەکێتی وپارتی لەناو ڕۆژنامەو میدیاکان بەدیاردەکەون . هەندێ کەسایەتی گەندەڵ بەناو شەری گەندەڵکاران دەکەن!؟ بازار گەرمی دەنگ و ویژدان فرۆشی . پێشێلی بڕیارەکانی کۆمسیۆن لەلایەن پارتی ویەکێتی سەبارەت بەهەڵبژاردن . لەهەموو ئەمانەش مەترسیدارتر، ڕۆژی 2009/05/31 کۆمسیۆن کاتێک ناوی قەوارەو لیستەکانی بۆ خولێکی تری هەڵبژاردن ئاشکرا کرد ، لیستی هیوا تاکە لیست بوو، لە مافی بەشداریکردن بێ بەش کرا .ئەمەش سەرجەم ئەو ڕیکلامە سیاسیانەی لەزاری هەندێ ناوەند و کەسایەتی دەسەڵاتی کوردی وعێراقی دەردەچوو ، کە زەمانەتی بوارە دیموکراسیەکەی دەکەن ، درۆیەکی زل دەرچوو . ئاخر ناکرێت لیستێک بەهۆکاری ئەوەی هاوسۆزە لەگەڵ پکک لە مافی دیموکراسی بێ بەش بکەیت ، لەکاتێکدا ، دیموکراسیەت مافی هەمو تاک و گروپێکە ، بەتایبەتی کاتێک بە شێوازی مەدەنی وپەرلەمانی خەبات دەکات . دواتر بێ بەش کردنی لیستی هیوا لەهەڵبژاردن ، خودی دەولەتی عیراق بە دەسەڵاتی کوردیشەوە، خستە ژێر ئەو پرسیارەی ،کەئەوان هەڵبژاردن ، تێکەڵ بەگەمە سیاسی و بەرژەوەندیە موخابەراتیەکان دەکەن . ئەگەرنا چۆن دەکرێت ، لیستێک لە هەلبژاردنی سالی 2005 بۆ پەرلەمانی عێراق بە شدار کرابێت ، کە چی لەهەڵبژاردنی دواتر ، بێ بەش بکرێت ، بێ ئەوەی پێشێلی خالی یاسایی یان بریارەکانی کۆمسیۆنی کردبێت !؟

ئەمە چ گالتە جاریەکی سیاسیە ، کاتێک لەبەرخاتری دەولەتی کەمالیزمی تورکی ، ئەو بەرتیلە سیاسیە بدەیت.کەچی لەنێو ولاتی تورکیا ،16 سالە هەودارانی پکک ،بەچەندین ناو پارت دروست و بەشداری هەلبژاردنەکان دەکەن ، وەبەئاشکرا لە نێو پەرلەمانی تورکیا دەلێن بەرێز ئۆجەلان ، دژی سیاسەت و دەستوری ولاتەکە دەوەستنەوە ، رەزامەند نابن بەپکک بلێێن تیرۆریست ،کەگەریلایەکیش شەهید دەبێت بەرپرسانی ئەم پارتە پرسەنامەکەی بۆدادەنێن.... . کەچی لەباشوری کوردستان پارتی چارەسەری ئەگەر هاوسۆزیشیان لەگەڵ پکک هەبێت ، بارەگاکانیان دادەخەن ، ئەندامانیان دەگرن ، مۆلەتی کارکردنیان پێ نادەن ، بەشداردەبن لەو پیلانە هەرێمیانەی دژیان دەکرێت وە دواین کاری قێزەوەنیان ، لەپەرلەمان دوریان دەخەنەوە . ئەمەی دەسەلاتی کوردی دەیکات ، دەتوانین بلێێن لەمەلیک مەلیکترن . پرسیار ئەوەیە ئایا ناتوانن بە تورکیا بلێین فشارمان مەخەنە سەر ، کەی ئیوە توانیتان دەتەپە،لەمافی یاسایی و دیموکراسی ولاتەکەتان بێ بەش بکەن ، ئەوکات ئەو داوایەش لەئێمە بکەن ؟ . زۆر سەیرە تورکیا خۆی وەک ولاتێکی دیموکراسی بە جیهان دەناسێنێ ، کاتێک بوار دەداتە دەتەپە وەک دەنگێکی دژە خۆی وهەواداری پکک لەناو پەرلەمان ،بەئارەزوی خۆی ئاخافتن بکات ، کەچی یەکێتی وپارتی ئەومافە بە پارتی چارەسەری نادەن !؟ ئەوەی جێگای نیگەرانیشە لەم دیاردە مەترسیدار و پێشێلکاریە زەقەی دیموکراسی ، میدیای کوردی تایبەتی ئازادەکان ، لەئاستی هەڵوێستە و نەوەستان . لەکاتێکدا سەرەتای هەموو دیاردەیەکی ترسناک ئەگەر پێشی نەگریت دواتر وەستانی ئاستەم دەبێت . ئەمە باس لە هەڵوێستی ڕۆشنبیر و نوسەران ناکەین ،کەزۆرینەیان بە س ئەهلی وتەی بریقەدار وسازشکارانەن ، نەوەک لەسەر روداوە سیاسیە مەترسیدارەکانی کوردستان خاوەن هەلوێستن، وەئەگەرچی رۆشنبیران بەئەژمار بەئاستی سوپای کوێتن وە زۆرینەیان خۆی پێ فەیلەسوف

، نوسەری بەناوبانگ ، تیۆرزان و دارێژەری دیموکراسیە ، بەلام لەکردار بە ئاستی چەند مەفرەزەیەکی سەرەتایی شۆرش داکۆکی لەدیموکراسیەت ناکەن ؟

وەبەپێی هەوالەکان 24 لیست بۆ ئەم هەلبژاردنە خۆی پالاوتوە ، بەلام لەبەرامبەر داخستنی لیستی هیوا ، جگەلەلیستی پێشکەوتن ،هیچ لیستێکی تر پڕۆتستۆی نەکرد !؟ لەکاتێکدا ، هەلوێست وەرگرتن لەسەر ئەم بڕیارە مەترسیدارە ، بەند نیە بە پەیوەندی سیاسی لەگەل لیستی هیوا ؟ بەلکو ئەمە داکۆکیە لە دیموکراسیەت و تیکشکانی پیلانێکی داگیرکەران ؟ وە ئەو بێدەنگیەی لیستەکان ئەوەی پێ نیشان داین ، کە گۆرانەکان، ئەگەر دەنگی جیاش بباتە ناو پەرلەمانەوە ، ئەوا جەوهەری و ڕیشەیی نابێت . چونکە هەر لیستێک ئەگەر بیەوێ گۆران لەدەسەلات بکات ، ئەم روداوە پێوەرێک بوو ،بۆ پڕاکتیزەکردنی دروشم و داکۆکی کردنەکانی لەدیموکراسیەت . بەتایبەتی (لیستی گۆران) کە دەیانەوێت گۆران لەدەسەلات بکەن . دیارە گۆران هەر گۆرینی ئەکتەرە سیاسیەکانی دەسەلات نیە ، بەلکو هەلوێستی نوێ و داهێنانە لە پراکتیزەکردنی گۆران لەهەموو بوارەکان ، نەوەک هەر لە نادادپەروەری کۆمەلایەتی ونەبونی شەفافیەت لەدارایی و گەندەلی لەدەسەلات ؟ چونکە دەیان پەروەندی تێکشکاوی دەسەلاتمان لەبەردەستە وەک شکستی گەرانەوەی ناوچە تەعریبکراوەکان و نەبونی ستراتیژێکی نەتەوەیی و گرنگی نەدان بە کەیسی کۆمەلکوژی کوردان ، مەسەلەی لاوان و ژنان ،پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ ، تێکدانی شوێنەوارە مێژویەکان ... ئاخر زۆر سەیرە لیستێک لەگەرمەی هەلبژاردن و ئۆپۆزسیۆنی هەلوێست لەبەرامبەر پێشێلکاریەکی وا مەترسیداری دیموکراسی و پیلانێکی داگیرکەر نەنوێنێت ، ئەی چۆن کەهاتە دەسەلات دەتوانێت گۆران لە ستراتیژی نەتەوەیی بکات ؟ پێشم وایە ئەو هەلوێستەی یەکێک لە ئەندامانی لیستی گۆران گەچی باشە بەلام درەنگ و تێری مەسەلەکان ناکات ؟

هەرگیزاو هەرگیزیش چاوەڕی هەلوێست لە لیستی ئەو 4 پارتە ناکەم ،چونکە ئەوان لەگەرمەی هەلبژاردن بەشداری یادی یەکێک لە جەلادە گەورەکانی گەلەکەمان ( خومەینی) دەکەنەوە !؟ ،بەمەش هەستی دەیان ملیۆن کوردیان بریندار کرد ،دواتر ئەم لیستە لەئەزمونی بەناو ئۆپۆزسیۆن ومامەلەی حزبی ناوەخۆی، وێنەیەکی جیایان لە چاو دەسەلات پێ نیشان نەداین !؟ ، ئەمەباس لەوەش ناکەین ،ئاخۆ ئەم لیستە ئەگەر ببێتە هێزێکی بەرفراوان لەپەرلەمان ، چۆن لە گەل مەسەلە دیموکراسی و نەتەوەیەکان مامەلە دەکەن ؟ دلنیام ئەوکات ، هەزار رەحمەت بۆ کفن دز دەنێرین.

ئەگەر مافی دەنگدانم هەبوایە ، بەدلنیاییەوە دەنگم بە لیستی سپی یان هیوا دەدات ، لەبەر یەک هۆکار کە ئەندامانی ئەم دولیستە ،خاوەنی دروشمی بریقەداری ئەمڕۆ نین ، بەلکو لەچەند سالێ رابردو کوری نارەزایەتیەکانی شەقام و زیندانەکان بون لەسەر مەسەلە نەتەوەی و ناددادپەروەریە کۆمەلایەتیەکان .

وەئەگەر چی ئێستا هەر لیستە ئەلقابی دکتۆر و مامۆستا و زانکۆ دەخاتە ناو لیستەکەیەوە کە پێیان وایە دەتوانن کۆتایی بەدەست بەرزکردنەوەی بەردەوامی ئەندام پەرلەمانەکان بێنن . گفتوگۆکانیش گەرمە لەسەر ئەوەی هەر لیستەی چەند ئەندامی دەچێتە ناو پەرلەمانەوە. کە پێم وایە کێشە گەورەکەی ئێمە گۆڕینی دەم وچاو و خاوەن بڕوانامەی ئەندامەکان نیە ، بەئاستی ئەوەی لەناو هۆلی پەرلەمان پێویستمان بە دەنگی بوێرانەی هاوشێوەی لەیلا زانا و ئەحمەد تورکەکانە . .